کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕاگەیەنراوێک لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بڵاو دەکاتەوە

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕاگەیەنراوەکی لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بڵاوکردەوە و تێیدا وادەی خەتەمارکردنی بەووی لیست و هاوپەیمانێتییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە.

بەپێی ڕاگەیانراوەکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕۆژی 5ی ئادار دەرگای خەتەمارکردن دەکرێتەوە تاکو ئێوارەی ڕۆژی 14ی ئاداری داهاتوو بەردەوام دەبێت و لەم ماوەیدا سەرجەم لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان دەتوانن خۆیان تۆمار بکەن.

کۆمیسیۆن ئاماژەی بۆش دا کە خەتەمارکردنەکە لە فەرمانگەی کاروباری پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە بەغدا یاخود نووسینگەی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

جەختیشی کردەوە کە لایەنە سیاسییەکان دەتوانن لەو ماوەیدا لیست و هاوپەیمانێتییەکانیان تۆمار بکەن و بەهیچ شێوەیەکیش ئەو وادەیە درێژ ناکرێتەوە.

ئەم لێکاتێکدایە کە سەرکایەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ یەکشەم بەفەرمی وادەی بووچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی دیاری کرد.